**ئەمانەی خوارەوە چەند پرسیارێکی جۆراوجۆرن لەسەر بابەتی دەقی شیعری بۆ قۆناغی یەکەمی بەشی کوردی –بەیانیان.ساڵی خوێندنی٢٠٢٣-٢٠٢٤م .**

**پ١\پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە:**

**١–دەق ٢– دەقی ئەدەبی ٣– دەقی زانستی ٤– دەقی ئەدەبی زانستی ٥– دەقی شیعری ٦– دەقی ئاسمانی ٧–دەقی نائاسمانی**

**پ٢\ جیاوازی نێوان دەقی ئەدەبی و دەقی زانستی بکە بەنموونەوە.**

**پ٣ \ تایبەتمەندیەکانی دەقی ئەدەبی بنووسە.**

**پ٤ \ زاراوەکانی سەربەدێڕەکانی دەقی شیعری کلاسیکی بنووسە بەنموونەوە.**

**پ٥ \ قالبەشیعرییەکانی دەقی شیعری کلاسیکی بژمێرەو دووانیان بەنموونەوە باس بکە.**

**پ٦ \ مەرجەکانی دەقی ئەدەبی بنووسە.**

**پ٧ \ تایبەتمەندیەکانی دەقی نووسراو بنووسە، کە دوای هاتنی ئیسلام نووسراون.**

**پ٨ \ کورتەیەک لەمێژووی دەق بنووسە و بەنموونە وەڵامەکەت پشت ئەستووربکە.**

**پ٩ \ تایبەتمەندییەکانی دەقی ئەدەبی نەنووسراو پێش هاتنی ئاینی ئیسلام بنووسە.**

**پ١٠ \ دەقی ئەدەبی – زانستی چییە؟ تایبەتمەندییەکانی بنووسە.**

**پ١١ \ جۆرەکانی دەقی زانستی بنووسە بەنموونەوە.**

پ١٢\ فۆرمی دەقی شیعری بژمێرەو یەکێکیان باس بکە بەنموونەوە.

پ١٣\ جیاوازی نێوان پێنجین و پێنج خشتەکی بنووسە بەنموونەوە.

پ١٤\جیاوازی نێوان تەرجیع بەند و تەرکیب بەند بنووسە بەنموونەوە.

پ١٥\ جیاوازی نێوان غەزەل و قەسیدە بنووسە.

پ١٦\ ناسناو چیەلەناو دەقی شیعریدا؟ سودەکانی بنوسەو نموونەی شیعری بهێنەرەوە بۆ وەڵامەکەت.

پ١٧\ چۆن دەقی ئەدەبی شیکاردەکەین باسی بکە.

پ١٨\ لێکدانەوەی وشە لەناو دەقدا باس بکە.

پ١٩\ چۆن دەقی شیعری ڕاڤەدەکەین باسی بکە.

پ٢٠\جیاوازی نێوان دەقی ئاسمانی نائاسمانی بکەو نموونە بۆ هەریەکێکیان بهێنەرەوە.

پ٢١\قۆناغەکانی شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی دەقی شیعری باس بکە.

پ٢٢\ تاک چییە؟ باسی بکە.

پ٢٣\ سەروا چیە لەدەقی شیعریدا؟باسی بکە.

پ٢٤\ جۆرەکانی سەروا لە دەقی شیعریدا بژمێرەو یەکێکیان بەنموونەوە باس بکە.

پ٢٥\لێزیادکراوچییە؟ بەنموونەی شیعری باسی بکە.

پ٢٦\خەوشەکانی دەقی شیعری بژمێرەو بەنموونەوە باسی یەکێکیان بکە.

پ٢٧\دەق لەڕووی جۆر و بابەتەوە باس بکە.

پ١٢٨\ ڕاڤەی دەق باس بکە.

پ١٢٩\ زاراوەی دەق باس بکە لەڕووی بەکارهێنانەوە.

پ١٣٠\بەپێی قۆناغی خوێندنت دەقێکی شیعری بنووسەو پاشان ڕاڤەی بکە.

پ١٣١\ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بەوشەی گونجاو پڕبکەرەوە:
١-مەبەست لە دەق.........یان........... ە لەکەسی یەکەم بۆ کەسی دووەم.
٢-دەق بەپێی جۆر و بابەتەوە دابەش دەبێت بۆ دووبەش:١-............،٢-............... .
٣-دەقی ئەدەبی کوردی بۆ قۆناغەکانی............. و ................ دابەش کراوە.
٤-یەکەم دەقی نوسراوی شیعری کوردی بۆ...........دەگەڕێتەوە،کە بەشێوەزاری..........نوسیویەتی.
٥-کۆنترین کێشی شیعری کوردی بریتییەلە............ پاشان کێشی ............ بەکارهێندرا.

پ١٣٢\ نیشانەی ڕاست(✓)یان چەوت(✕)بۆ ئەمانەی خوارەوە دابنێ و هەڵەکانیش ڕاست بکەرەوە :
١- قودامەی کوری جعفەردەڵێت:(شیعر گۆتەیەکی کێش و سەرواداره، مانایەک دەگەیەنێت).
٢-مەرج نییە سەروای دێڕی یەکەم لەقەسیدەدا موسەڕەع بێت.
٣-احمدی خانی یەکەم شاعیری کوردە،کە(موستەزاد)ی لە دیوانە شیعرییەکەی بەزمانی عەرەبی نوسیووە.
٤-قالبی شیعری پێنجین کت و مت وەکو تەرجیع بەند وایە.
٥-هەردەقێکی ئەدەبی،بەهەر زمان و شێوازێک نووسرابێت، دەشێت لایەنێکی شاراوەی هەبێت.

ث٣٣/ مەبەست لەدەق چییە؟ بەشە سەرەکیەکانی کامانەن؟ باسیان بکە.

ث١٣٤\تایبەتمەندییەکانی ئەو دەقانە بنووسە،کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی بەر لەنووسین لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام.

ث١٣٥ دەقی شیعری کۆن و نوێ،لەسەرکێشی سیلابی هۆندراونەتەوە،پێناسەی کێشی سیلابی بکەو بەنموونەی شیعری باسی بکە.

پ١٣٦\ئەو مەرجانە بنووسە، کە دەبێت لەدەق دا هەبێت بۆ ئەوەی بەدەقی ئەدەبی هەژمار بکرێت.